# تەواوکەر

١. گەڵای دارەکە وەری.
٢. شوشەی پەنجەرەکە شکا.
٣. منداڵینە! خۆتان لە ئاگر بپارێزن.
٤. ماسی لە ئاودا دەژی.
٥. گوێزی هەورامان بەدەست دەشکێت.

## راڤـــــــــــه:

لەوانەکانی پێشتردا ئەوەمان روونکردەوە، کە رستە لەسەر دوو بنچینەی سەرەکی پێکدێت کە (بکەر، کار)ن.

- لە رستەی یەکەمدا (گەڵا) بکەرەو (وەری) کارە.
- لە رستەی دووەمدا (شووشە) بکەرەو (شکا) کارە.
- لە رستەی سێیەمدا (منداڵینە) بکەرەو (بپارێزن) کارە.
- لە رستەی چوارەمدا (ماسی) بکەرەو (دەژی) کارە.
- لە رستەی پێنجەمدا (گوێز) بکەرەو (دەشکێت) کارە.

رەنگە بپرسن ئەی وشەکانی دیکەی ناو رستەکە چین؟ وە بۆچی بەکارهاتوون؟

لە وەڵامدا دەڵێین: جگە لە دوو وشە بنچینەییەکە، کە (بکەر، کار)ن ئەو وشە زیادانە پێیان دەگوترێت تەواوکەر.

- له رستەی چوارەمدا کاری (هەڵفڕی) له دەمکاتی رابردوودا، دراوەته پاڵ بکەر (کۆترەکه).
- له رستەی پێنجەمدا کاری (دەخوات) له دەمکاتی رانەبردوودا، دراوەته پاڵ بکەر (ئاسک).
- له رستەی شەشەمدا کاری (دەچم) له دەمکاتی داهاتوودا، دراوەته پاڵ بکەر (من).

**پێناسە: کار**: ئەو وشەیەیه که کردەوەیەک دەداته پاڵ کەسێک یاشتێک له دەمێکی دیاری کراودا.

کار/ له رووی کاتەوه دەبێته دوو جۆر:

ئـ-رابردوو.

ب-رانەبردوو

## راهێنان (١)

شەش رسته بهێنه، پاشان کارەکانیان دەست نیشان بکه.

## راهێنان (١)

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

١. بە مەزندە، کەی و لە کوێ پەڕتووک لە دایکبووە؟

٢. پەڕتووک دەڵێت دەتوانم گێتیتان پیشانبدەم، چۆنی روون دەکەیتەوە؟

٣. چاکترین هاوڕێ بۆ مرۆڤ چییە؟

٤. دوور لە پەڕتووکخانەی قوتابخانە، ئارەزووی چ جۆرە پەڕتووکێک دەکەیت بیخوێنیتەوە؟

٥. تا ئێستا چەند پەڕتووکت خوێندۆتەوە، دەتوانیت ناوی هەندێکیان بڵێیت؟

* پەرتووک چاکترین هاوڕێی مرۆڤە *

## واتای وشەکان

| وشە | | واتا |
|---|---|---|
| نەخشین | : | رازاوە، جوان، نەخشاو |
| تووک | : | وردە پەڕە نەرمەی باڵدار |
| حەشار | : | پەنا، پاسار، شوێنی خۆ مەڵاسدانە |
| کەوتەکڕ | : | کورک بوو، کڕکەوت |
| راو | : | شکار |
| فەرامۆش | : | لەبیرکردن |

## راهێنان

خوێندنی مەل و باڵندە، هەر یەکە ناوی خۆی هەیە، دەکە وابێت، ئەم وشانەی ئەمبەرو ئەوبەر بەیەک بگەیەنە، بۆ ئەوەی واتایەکی تەواو ببەخشن:

| دەنگ | | گیانلەبەر |
|---|---|---|
| گمەگمی | : | کۆتر |
| قاسپە قاسپی | : | کەو |
| چریکە چریکی | : | کەڵەشێر |
| گارە گاری | : | بولبول |
| قووقە قووقی | : | مریشک |
| قیڕاندی | : | قەل |

